# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی بەرەو سۆسیالیزم لەگەڵ (ڕێبین فاروق) دەربارەی هێرشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ سەر خۆپیشاندانی هاوپشتی خەڵکیشاری سلێمانی لە جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانی ئێران

**بەرەو سۆسیالیزم**: وەك ئەزانین ڕۆژی 2005/8/6 خۆپیشاندانێك لە شاری سلێمانی بەرپا کرا بۆ پشتیوانی لە جەماوەری ڕا پەڕیوی کوردستانی ئێران , ئەگەر بتوانن ڕونکردنەوەی زیاتر بدەن لەسەر ئەم خۆپیشاندانە و فراوانی ئەم خۆپیشاندانە و چۆنایەتی کۆتایی هاتنی ؟

**ڕێبین فاروق** :وەك دەزانن کە ئەوە بۆ چەند هەفتەیەك دەچێت خۆپیشاندان و ڕا پەڕین و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی کوردستانی ئێران لە دژی جمهوری ئیسلامی ئێران بەشێوەیەکی فراوان دەستی پێ کردووە لە شارەکانی ( بانە و سەقز و مهاباد و سەردەشت و مەریوان و پیران شەهر و سنە و کرماشان ) و شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران ڕا پەڕین بەردەوامە و جمهوری ئیسلامی ئێرانیش بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی سەرکوتی ئەم ڕا پەڕینەدایە. بە لولەی تفەنگ جوابی خۆپیشاندانەکانی کوردستانی ئێران دەدرێتەوە و وە چەندەها کەسیان لە خەڵکی کوردستانی ئێران کوشتوە و بریندار کردووە چەندەها کەسیشیان گرتووە و بێ سەرو شوێن کراون . جا بۆ مەبەستی پشتیوانی جەماوەری ڕا پەڕیوی کوردستانی ئێران لە چەندین وڵات خۆپیشاندان لە دژی جمهوری ئیسلامی ئێران بەرپا کرا .
وە خەڵکی شاری سلێمانیش خۆپیشاندانێکیان بەرپا کرد کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئازادی خوازی کوردستانی ئێران کە لە شاری سلێمانی نیشتەجێن بەشداری ئەم خۆپیشانەیان کرد .
خۆپیشاندانێکیان بەرپا کرد بۆ پشتیوانی لە خەڵگی ڕا پەریوی کوردستانی ئێران , لە ڕۆژی شەممە 2005/8/6 لە کاتژمێر 10 سەر لەبەیانی لە شەقامی سالم سەهۆڵەکە.
بەلاّم وەك کاری هەمیشەیان یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆپیشاندانی هاو پشتی خەڵکی شاری سلێمانی لە جەماوەری ڕا پەڕیوی کوردستانی ئێران، دەدەنە بەر دەست ڕێژی گولە بۆ بلاّوە پێ کردنی خۆپیشانەکە ،وە ئەگەر خەڵکی بلاّوەیان لە خۆپیشاندانەکە نەکردایە حە تمەن کارەساتی خوێناویان دەخوڵقاند .
وە هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئابڵۆقەی خۆپیشاندانەکەیان دابوو نەیان دەهێشت هیچ کەسێك و هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن نزیکی خۆپیشاندانەکە ببنەوە و وە هیچ کەسێکیش بۆی نەبوو ڕەسمی خۆپیشاندانەکە بگرێت مەگەر بەدزی هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانیەوە .
بەلاّم سوربوونی خەڵکی ئازادی خوازی سلێمانی لەسەر ئە نجامدانی خۆپیشانەکە کە ئە نجام بدرێ و سوربوون و ڕوبەڕوبونەوەی هێزەکانی ئاسایش بە تفەنگ کە ئەو خۆپیشاندانە نەکرێت و دەبێ بلاّوەی پێ بکرێت لە ئە نجامدا بە دەست ڕێژی گولە بلاّوەیان بە خۆپیشاندانە کە کردو نەیانت هێشت ئەو خۆپشاندانە ئە نجام بدرێت .

**بەرە و سۆسیالیزم** :یەکێت نیشتمانی کوردستان ئەم خۆپیشاندانەی قەدەغە کرد بە تەقە کردن و بە ئابڵۆقەدانی خۆپیشندانەکە نەی هێشت ئەم خۆپیشاندانە پەرە بسێنێت , هۆی ئەم هەڵوێستەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چی بوو , یان تەبریریان بۆ ئەم کارە دژە ئازادی و سەرکوتگەرانە یە چیە؟

**ڕێبین فاروق**:هەر وەك زۆر بەڕۆشنی دیارە یەکێتی نیشتمانی لەبەر چی ئەم خۆپیشاندانەی سەرکوت کرد . بەلاّم پاساو هێنانەوەی یەکێتی نیشتمانی بۆ ئەم کارە ئەوە بوو کە دەبێت بە تەلەفیزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانیەوە بانگەواز

بکرێت تا خەڵکی بڕژێنە سەر جادە , نابێت خەڵکی بێ پرسی یەکێتی نیشتمانی خۆپیشاندانی هێمنانەو مەدەنیانە ئەنجام بدەن و دەبێت داوای ئیجازە بکرێت تا خەڵکی هاوپشتی خۆیان لە ڕا پەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستانی ئێران بکەن .
ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تر ئەم سیاسەتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕاستەو خۆ نیشانی دەدات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جمهوری ئیسلامی ئێران چەندە تەبان و چەندە دۆست و هاوپەیمانی یەکن , وە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا و تەنانەت لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیەوە تا ئێستا یەکێتی نیشتمانی یەکێك بوە لە دۆستەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران و چەندین کاری سەرکوتگەرانەی ئەنجام داوا لە بەرژەوەندی پیاوانی جمهوری ئیسلامیدا و تەنانەت بە تعلیماتی جمهوری ئیسلامی ئێران هێرش کرایە سەر بنکەو بارەگاکانی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و چەندین کەسیان لێ تیرۆر کردن ،وە هێنانی سوپای پاسداران و هێرش کردنە سەر گوندی زڕگوێز و قەتلْ و عام کردنیان . تەنها لەبەر ئەوەی جمهوری ئیسلامی ئێران و پیاوانی ئاینی و دۆستەکانیان لە مجلیسی اعلا و ئیسلامی سیاسی و شیعە نیگەران نەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان قەد لە کاری سەرکوتگەرانە سڵی نەکردۆتەوە و مانگرتن و خۆپیشاندانی ئازادی و ڕادەربڕین ڕێزی لێ نەگیراوە و ئەم هەڵوێستەی یەکێتی نیشتمانی نارەوایەتی و نیگەرانیەکی زۆری لەناو خەڵکی شاری سلێمانی داو ئازادی خوازان و ڕۆشنبیراندا دروست کردووە.

**بەرەو سۆسیالیزم** :یەکێتی نیشتمانی ئیدیعای دیموکراسیەت و ئازادی دەکات ئەمە چەند جارە مانگرتن و خۆپیشاندان بەرپا دەکرێت لەلایەن خەڵکەوە , بەلاّم لە لایەن یەکێت نیشتمانیەوەسەرکوت دەکرێت .زەحمەت نەبێ ئەگەر ڕونی بکەنەوە چەندە مافی مانگرتن و خۆپیشاندا و ئازادیە سیاسیەکان ڕێزی لێ دەگیرێت ؟

**ڕێبین فاروق** :لە سایەی دەسەلاّتی یەکێتی نیشتمانیدا هێندە ئازادی و دیموکراتی هەیە کە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی یەکێتی نیشتمانیدا دا و بە پێی بەرژەوەندییەکانی دیموکراسی و ئازادی دەبێت هەبێت , ئەگەر بتەوێت مەدحی یەکێتی بکەیت و بەشان و باڵی یەکێتیدا هەڵدەیت دیموکراتی و ئازادی بێ سنور هەیە , بەلاّم تەنانەت مافی ڕەخنەگرتنیش نیە ئەگەر بتەوێت ڕەخنە لە یەکێتی نیشتمانی بگریت , مافی هیچ حیزب و گروپ و ڕێکخراوێك نیە ئەگەر وەك یەکێتی نیشمانی بیر نەکەوە و لە بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانیدا کار نەکەن وە ئەگەر نمونەیەك بێنیتەوە لەسەر خودی تاڵەبانی کە زوو زوو دوبارەی دەکاتەوە و دەڵێ باخ تا گوڵی تیا بێت جوانە , بەلاّم من دەڵێم ئەو باخە کاتێك جوانە هەر گوڵە و ڕەنگێکی تایبەتی هەبێ هەر گوڵێکیش بۆنێکی تایبەتی هەبێت , وە ئەگەر دڕکێکی وەك بزوتنەوە ئیسلامیەکان لەم باخەدا هەبوون دەبێت لەڕگەوە هەڵبکێشرێت .
جا یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێك بە پێچەوانەی ئەم ووتەیەوە کاری کردووە ئەوەتا لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا چەندین خۆپیشاندانی هێمنانەو مەدنیانە بەرپا کراوە بەلاّم لەلایەن یەکێتی نیشتمانیە وە بە گرتن و بە تفەنگ جوابی ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی شاری سلێمانیان داوەتەوە , وە تەنانەت تا ئەم کاتەش دەست گیرکراوەکانی ئەو خۆپیشاندانە هێمنانەی شۆفێرەکان کە لەشاری سلێمانی ئەنجامیان دا ، هەر زیندانین و ئازاد نەکراون .جا بۆیە دەبیت ئەم هێرش و تەقەکردن وسەرکوتکردنەی یەکێتی نیشتمانی بۆسەر ئازادیو ئازادیە سیاسییەکان و مافی ڕا دەربڕین مانگرتن مەحکوم بکرێت و ریسوا بکرێت

reben-faruq@yahoo.com

.